## سڤیتلانا لە وارسۆ:

# لەبری کوشتن پێویستە گفتوگۆ بکەین

باران

ئەحمەد سەڵاحەدین



تەوەری ئەم دیدارە لەگەڵ سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ، پەیوەستە بەجەنگی ئۆکرانیا، کە زۆرێك لەخوێنەران و هۆگرانی کارەکانی ناوبراو بەبایەخەوە لەم دیدارە دەنوارن و چەندان پرسیاریان ئاراستەکردوە، کە پەیوەندی بەو تەنگژەیەوە هەیە، کە جیهانی پێدادەگوزەرێت، بەتایبەتیش قەیرانی ئۆکرانیا.

چۆن دەکرێت وڵاتێك خەڵتانی خوێن بکرێت و دورگەی قرم بەشێوەیەکی تاوانکاریانە جیابکرێتەوەو ئەو ئاشتییە فشۆڵەی پاش جەنگ لەبارببرێت؟ هیچ بیانوویەك نییە.

من هەنووکە لەکیێڤەوە هاتووم، سەرم سوورماوە لەو کەسانەی کەدیومن، ئەوان لەژیانێکی نوێ دەنۆڕن، ئامادەشن ئەو ژیانە بەدیبهێنن و لەپێناویشیدا دەجەنگن. بڵاوبوونەوەی سەدان زریپۆشی روسی لە دونباس، هیچ پەیوەندی بەدیالۆگەوە نییە، هاندانی گەل بۆ رووبەڕووبونەوە بەواتای مەرگی سیاسی.

## گەلی ئۆکرانی نابەزێت

ئەو کەسانەی بەرگری لەجوداخوازەکانی دونباس دەکەن، پێویستە گوێ لەو سەربازە ئۆکرانییانەش بگرن، کە دیلی دەستی شۆڕشگێڕەکانن، بەواتایەکی تر ئەو سەربازانەی لەخزمەتی روسیادان. دەبێت درك بەهەڵخەڵەتاندنی ئەو سەربازانە بکەن. چۆن روسەکان تەرمی کوژراوەکان دەگوازنەوە؟ وەك تاوانبار دەیانشارنەوە. فیلمێکی دۆکومێنتیم لەسەر ئینتەرنێت بینی، کە تیایدا تەرمی سەربازو ئەفسەرە ئۆکرانییەکان لەبەفرگەی گەورە لەئۆکرانیا دەگوازنەوە، لەکاتێکدا خەڵکی لەسەر ئەملاو ئەولای رێگاکان، لەسەر ئەژنۆکانیان چەماونەتەوە. کاتێکیش ئەوەم بینی، زانیم کە ئەمجارە ئەو کەسانە لەلایەن پۆتینی ئەفسەری هەواڵگرییەوە نابەزن.

پۆتین پەیوەندی بەسیاسەتەوە نییە، ئەو ئەفسەری هەواڵگری KGBیە، ئەوەی ئەو دەیکات، هاندانە کە لەلایەن هەواڵگریەوە رێکدەخرێت. بۆهیچ وڵاتێك سەخت نییە ئەو جۆرە کەسانە دیاری بکات. ئەگەر لەمرۆدا 100تانك و 100سەربازبۆ بیلاروسیا رەوانەبکرێت، چی لەو وڵاتە ئارامە دێت؟ هەندێك پێیانباشە روو لەپۆڵەندەو بەشێکی دیکەش روو لەروسیا بکەن، جارێکی تر دەرگا بەرووی گۆماوی خوێندا دەکرێتەوە.

## بۆچی دایکانی روس بێدەنگن؟

پێموایە هەڵەیە ئەگەر وابزانین گەلی روسی، یان بیلاروسی نایانەوێت قسە بکەن، بەڵام رەنگە بترسن لەوەی بەدەنگی بەرز قسە بکەن و ئەوەش بچێتە بازنەی پڕوپاگەندەوە، بەڵام ئەوەی بەراستی سەیرە بێدەنگبوونی ئەو دایکە روسیانەیە، کە رۆڵەکانیان لەئۆکرانیا کوژراون و قسە بۆ رۆژنامەنووسان ناکەن. من لەیەکێکیانم پرسی: بۆچی تۆ بێدەنگی کە کوڕەکەت کوژراوە؟وەڵامی ئەو : ئەگەر قسە بکەم ئەوا یەك ملیۆن رۆبڵم دەستناکەوێت و منیش گەرەکمە شوقەیەك بەو پارەیە بۆ کچەکەم بکڕم. دەمێك من کتێبێکم لەسەر ئەفغانستان دەنووسی، خەڵکی شەرەفمەندبوون لەکاتێکدا دایکان هاواریان دەکرد. ناکرێت ئەوە تەنیا وەك ترسێك تەماشابکرێت. جۆرێك لە ئاوێتەیەکی ئاڵۆزە، خەڵکی هەست بە هەناسەساردنی دەکەن لەو 20ساڵەی کە لەدوای هەرەسی یەکێتی سۆڤییەتدا پێیادا تێپەڕیون . دەستەبژێر لەهەوڵی چاکسازیدا بوون، بەڵام گەل بێدەنگ بوون و ئێستاش مەسەلە جیاوازترە، ئەوەبوو کاتێك پۆتین بەزمانی ئەوان دەستی بەقسەکردن کرد لەگەڵیاندا، ئەو خەڵکە رابردوویان لەبری داهاتوو هەڵبژارد، بێگومان تەلەفزیۆنی روسی پشکداری سەرەکی بوو لەگەندەڵکردنی گەل، بۆیە پێویستە رۆژنامەنووسان لەراگەیاندنی روسیدا بدرێنە دادگا لەبەرامبەر ئەوەی دەیڵێن و بەرپرسیاریش بن لەبەرامبەر ئەو قسانەی کەکاریگەری سلبییان لەسەرخەڵکی هەیە. ئەوەی لەبارەی ئەوروپاوە، دونباس و ئۆکرانییەکان دەیڵێن مەترسیدارە. نەك هەر لەبەرئەوەی خەڵکی دەیانەوێت گوێبیستی ئەوە بن، ئێمە ئەمرۆ دەتوانین لەنێو روسیادا قسە لەسەر پۆتین بکەین. هەڵبەت دووچاری هەمان هەڵوێست بووینەوە کاتێك ئیمپراتۆریەتی سووری بەجێیهێشتین، کە لەنێو قوربانی و بکوژاندا ژیاین.

جێی مەترسییە مرۆڤ لەبری گفتوگۆ تەقەبکات، بەڵام ناکرێت بوترێت ئەو مەسەلەیە تەنیا روسیا دەگرێتەوە، بەڵکو ئەوەمان لەهەریەك لەیوگسلافیاو ئەفغانستانیش بینی ، ئەوەش تەنیا چەند ساتێك دەخایەنێت، بۆئەوەی درندەیەك لەنێومرۆڤەوە بێتەدەرەوە. من ئامادەی جەنگی ئەفغانستان بووم، بەڵام رێگەیان

نەدا بەشداریبکەم، لەپاش جەنگیش چاوی خەڵکەکەم بینی. کیژۆڵەیەك پێویستی بەکەمێك کات هەیە بۆچاکبوونەوە، چونکە شکڵ و شێوەیان سروشتی نەبوو. دیسانەوە سەدەی 21 بەخوێن دەستپێکرد، لەسەر ئەدەبیش پێویستە بیرۆکەی کوشتنی هزرەکان تاوتوێ بکات، پێویستە لەبری کوشتنی مرۆڤ، پەنا بۆ گفتوگۆبەرین و پارێزگاری لە ئاشتییە فشۆڵە بکەین، کە لەپاش جەنگ دێتە ئاراوە. روسەکان کە بۆماوەی 150ساڵە لەجەنگدان ژیانێکی تازەیان بەخۆوە نەدیوە، ژیانی مرۆڤ بەلایانەوە هیچ واتایەکی نییە، مەزنایەتیش بەتێگەیشتنی ئەوان ئەوە نییە، کە مرۆڤ باش بژی، بەڵکو ئەوەیە کە دەوڵەتەکەیان فراوان و پەلهاویشتوو و لێوان لێو بێت لەموشەك. لەماوەی پاش یەکێتی سۆڤییەت، شەڕانگێزەکانی دژ بەئاشتی بەتایبەتیش لە رووسیاو بیلاروسیا زیاتر بوون، خەڵکی بۆ ماوەی 70ساڵ هەڵخەڵەتێنران، لەماوەی 20ساڵی رابردووشدا دوچاری دزی لێکردن بوونەوە. هەرکەسێك لەسەردەمی یەکێتی سۆڤییەت ژیابێت، دەزانێت ئێمە لەسایەی قوربانی و بکوژاندا ژیانمان بەسەربردووە. بۆنموونە لەگوندێکدا دەژیام و کابرایەکیش لەوێ بوو،کە لەماوەی جەنگدا پۆلیسی نازییەکان بوو، ئەو کەسە لەسەردەمی ستالین و سەربازگەی جولاجدا، خیانەتی لەخەڵك کردبوو. ئێمە لەگەل کەسی وەهادا دەژیاین و ژیانیش لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا وادەخوازێت، یان ببینە قوربانی، یاخود ببینە بکوژ و بژاردەیەکی دیکەش بوونی نییە.

لەسەردەمی یەکێتی سۆڤییەتدا بەسانسۆر ئاشنابووم، خەڵکی لەرۆژگاری پیرۆسترۆیکادا بوێرتربوون و سەرلەنوێ دەستیاندایەوە نووسین، و بەرهەمەکانی منیش چاپکران. لەئێستادا سانسۆر لەبیلاروسیا هەڵکشاوە و بووەتە زۆنگاو و رۆژگارێکیشە بیلاروسیا بووەتە دەوڵەتێکی تۆتالیتاری، لەکاتێکدا هێشتا روسیا لەسەرەتای رێگەدایە. کاندیدی پێشووی سەرۆکایەتی ئەندریە سانیکۆڤ لەبەرئەوەی بەشداری لەهەڵبژاردن کرد زیندانیکرا، بۆیە بیلاروسیا بووەتە کۆکتێلێك لەدەوڵەتی مافیا و دەوڵەتێکی هاوشێوەی سۆڤییەت، کە مێژوو ناتوانێت وەسفیبکات.

## من ژنە نووسەرێکی بیلاروسیم

بەدرێژایی 40ساڵ بەدوای ژیاری سۆڤییەتدا دەگەڕام. سۆسیالیزم و فاشیزم دوو فیکری بەرهەمی سەدەی بیستەمن و هەردوکیشیان دوو بیری درۆزن و فریودەرن. من بەردەوام سەرم سووڕمابوو لەوەی، کە کۆمەڵگە تووشی نابینایی ببوون هەروەك ئەوەی ئێستا لەکۆمەڵگەی روسیدا هەیە. رزگاربوون لەکۆمۆنیستەکان و لابردنی وێنەکانیان شتێکەو ریشەکێشکردنیشی لەرۆحدا تەواو شتێکی ترە. بەم دواییانە باوکم مرد، بەڵام وەسیەتی ئەوەبوو لەگەڵیدا ناسنامەی ئەندامبوونی لەحزبی کۆمۆنیست بەخاك بسپێردرێت، چونکە باوەڕی بەکۆمۆنیزم هەبوو. لەهەوڵی ئەوەدام لەوە تێبگەم، ئەوە چۆن لەپانتاییەکی بەرفراوان کە لە ژێر هەژموونی یەکێتی سۆڤیەتدا بوو روویدا، لە15 کۆماردا کە لەیەکێتی سۆڤییەدا بوون، من خۆم بەنووسەرێکی بیلاروسی دەزانم، چونکە لەرووی ئەقڵییەوە لەو وڵاتەدا گەورە بووم و لەرووی جوگرافی و مێژووشەوە بیلاروسیا لەناخمدایە. بەڵێ من بەروسی دەنووسم، بەڵام خەڵکی لەوڵاتانی دیکەدا بەزمانی تر دەنووسن.

## بۆنیشتمان گەڕامەوە، چونکە یادم دەکرد

بەدرێژایی 11ساڵ لەدەوڵەتانی ئەوروپا، ژیانم بەسەربرد لەسەر ئاستی جیهانیشدا هاوکاری و هاوپشتیوانیەکی بەهێز لەنێوان نووسەراندا هەیە. گەڕامەوە، چونکە نووسەر پێویستی بە هەناسەدان و ئاخاوتن لەگەڵ خەڵکیدا هەیە. پێویستی بە دیدو بۆچوونیانە. دەسەڵاتیش وامامەڵە دەکات، هەروەك ئەوەی من بوونم نەبێت، لەراگەیاندنی رەسمیدا ناوم ناهێنرێت و رێگە پێدراویش نییە لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن یان لەرادیۆ دەربکەوم. تەنیا راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن گرنگیم پێدەدات، بێگومان لەگەل ئەو ناوداریيەی کە لەجیهاندا هەمە، ئاسان نییە کە دەسەڵات دەبەنگییەك دەرهەقم بکات، سەرباری ئەوەی نموونەی ئەندریە سانیکۆڤ، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی، کە دەسەڵات دەتوانێت هەموو شتێك بکات. دەمەوێت یانکای کچەزام ببینم ، تا لەبەرچاوم گەورە بێت. دەمەوێت خەڵك و زەوی ببینم لەگەڵ ئەوەشدا ژیان بەسەربردن لێرە سەختە و لە زیندان دەچێت.

**سەرچاوە: ئەلمەدا**

